# چیتر بەناوی ئیسلامەوە مێژووی کورد ڕەش مەکەن...!

**بەرسڤێك بۆقسەکانی بەڕێز عەلی باپیر**

نورەدین وەیسی

کوردستان وڵاتێکی فرەئاین وگەل وکەلچەرە ،بەڵام بەداخەوە ئەم فرە کەلچەرییە لەمێژووی ئێمەدا بەتایبەتیش لە دووسەدەی رابردوودا نەك هەر رێزی لێنەگیراوە بەڵکو بەنێوی ئیسلامەوە کۆمەڵێك تاوان وکاری دڕندانە لەلایەن هەندێ میروخێلی کوردیەوەکراون کەپەڵەیەکی رەشن لەدیرۆکی کورددا ودەبێ هەمیشە سەرزەنشت و شەرمەزاربکرێن ورێگەنەدرێت جارێکی دیکە بەناوی ئۆل وئاین یاهەر بیانوویەکی دیکەوە ئەم رووداوە تاڵانە دووبارە ببنەوە.

لەسەدەی نۆزدەدا میرمحەمەدی رواندزی ((پاشای گەورە-کۆرە)) شاڵاوێکی دڕندانەی بردە سەر ئێزیدییە هاونیشتمانیەکانی وگەلێکی لێکوشتن وسەروسامانی لێ بەتاڵان بردن ،ئەم رەفتارە نابەجێیەش بۆهەتاهەتایە وەك پەڵەیەکی رەش لەمێژووی میرنشینی سۆراندا باسدەکرێت ، لەکاتی پەلاماری نامرۆییانەی تورکە عوسمانییەکانیش بۆسەر ئەرمەنییەکان وجینۆسایدکردنیان کۆمەڵێك هۆزو خێڵی کوردیش لەلایەن عوسمانییەکانەوە بەناوی داکۆکیکردن لەئیسلام لە خشتەبران وسەرەنجام دەستیان چووە خوێنی ئەرمەنییەکان وبوونە هاوبەشی تورکەشۆڤێنیستەکان لەو کوشتارگەیە مەزنەدا کەهەتا ئەمرۆش هەر کاتێك باس لەو تاوانە گەورەیە بکرێت بەشداریکردنی خێلە کوردییەکانیش تیشکی دەخرێتەسەر، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەرمەنییەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کورد تێکنەدا وبگرە ئەرمینیا رێگەشی بەدەرکردن وپەخشکردنی رۆژنامەو رادیۆ بەزمانی کوردی دا هەرچەندە بەدرێژایی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو رۆژنامەی ((رێیا تازە))و (رادیۆی کوردی یەریڤان)) هەر بلندگۆی پارتی کۆمۆنیست بوون. سووکایەتیکردن وپێشێلکردنی مافی جوولەکەکانی کوردستانیش لە سەدەی رابردوودا نموونەیەکی دیکەی رێزنەگرتنە لە فرە ئایینی وکەلچەری لە کوردستاندا ، لەکاتێکدا جوولەکەکانی کوردستان هەتا ئەمرۆش نموونەی کوردی دڵسۆزن وویڕای تێپەرینی پترلە نیو سەدەش بەسەر کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل بەڵام هەمیشە کوردستانیان لە مێشك وهزردایە کەلە وتارێکی تایبەتدا تیشکی دەخەمە سەر.

راستە ئەمرۆ زۆرینەی کورد (جا بە زەبری شمشێر بێت یا ئارەزووی خۆیان) موسڵمانن ،بەڵام ئەوە هەرگیز واتای ئەوە نییە بێرێزی وسووکایەتی بە ئاینەکانی تر بکرێ وئازادی ئاینی ژێر پێبخرێ وەك ئەوەی ئەمرۆ بەئاشکرا لەلایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە دەیبینین کەبەبەرچاوی دەسەڵاتتدانی باشووری کوردستانەوە گەڤ وهەڕەشە لەوانە دەکەن کە بە ئارەزووی خۆیان ئاینێك هەڵدەبژێرن ،وەك ئەوەی ئاین شتێك بێ وگۆڕینی مەحاڵ وقەدەغە بێت ! ئەمە لەکاتێکدا ئایین پرسێکی تایبەتییەو مرۆڤ دەبێ تەواو ئازاد بێت لەوەی ئاینی هەبێت یان نا یا چ ئاینێك هەڵبژێرێت ،لەم رووەوە ئەو سووکایەتیانەی بەڕێز عەلی باپیر بەرامبەر ئاینی کریستیانی و باوەڕدارانی ئەو ئایینە کردوویەتی وئەوهەڕەشانەی لەو

کەسانەی کردووە کە بەئازادی خۆیان بوونەتە کریستیان دەچێتە خانەی ناوزڕاندن وتیرۆرۆو تۆقاندنەوەو پێویستە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بەتوندی شەرمەزار بکرێت.

لەچاوپێکەوتنێکی هەفتەنامەی میدیادا بەڕێز عەلی باپیر دەڵێت ((بەدانپێدانانی هەموو خەڵکی خاوەن ویژدان وخەڵکی رۆژهەڵاتی ورۆژئاوایی وخەڵکی غەیرە موسڵمانیش لەمێژوونووسەکانی کۆن ونوێ، جگە لە قورئان کەکتێبی موسڵمانانە ،کتێبەکانی دیکەی خودای پەروەردگار شێوێندراون وگۆڕاون)) ئینجا دێتەسەر تەورات وئینجیل ودەڵێ(( ئەو کتێبانە لە ئەسلدا کتێبی خودابوون بەڵام ئەگەرمرۆڤ بەراوردیان بکات لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق وزانست پاشان لەگەڵ قورئان ،زۆر بەرۆشنی دەزانێ ئەوانە درۆو دەلەسەو خورافات وئەفسانەی تێخزاوە ))!! جارێ نازانم بەڕێز عەلی باپیر چۆن رووی دێ باسی ویژدان بکات لەکاتێکدا ئەو تیرۆریستێکی دڕندەی وەك ئوسامە بن لادن بە تاوانبار نازانێت و(خەڵکی خاوەن ویژدان)لای عەلی باپیر بن لادن وهاوشێوەکانین پاشان کەسێك باوەڕی بە چیرۆکی ئەشکەوت(اصحاف الکهف)و خەوتنی کۆمەڵە کەسێك بۆ زیاتر لە سێسەدونەوەت ساڵ و فڕینی مرۆڤ بۆ ئاسمان لە شەوێکدا وهەفتا حۆری ورووباری هەنگوین وشەڕابی بەهەشت هەبێت چۆن رووی ئەوەی هەیە ئاینێکی تر بە ئەفسانەو خورافە ناوببات؟!!!

کڵێسای کورد زمان هیچ نەبێت دەیەوێت بەزمانی کوردی ئاینداری بکات بە پێچەوانەی ئیسلامییەکانی کوردستانەوە کەبەناوی ئیسلامەوە دەیانەوێ درێژە بە بەعەرەبکردنی کورد بدەن وبەرنامەیەکی ئاشکراشیان دژی بیری نەتەوەیی کورد هەیە، ئەوە نییە عەلی باپیر وکۆمەڵەکەی ئامادەنین یەك چرکەش بۆ رێزگرتن لە گیانبەختکردووانی رێگای کوردستان بوەستن، راگەیاندنەکەشیان باسکیان لە دژی کورد لێ هەڵماڵیوەوسەنگەریان لە مارشی نەتەوەیی کورد گرتووەو جەژنی نەورۆزیش کەسەدان ساڵە کورد بە پیرۆزی رادەگرێت کەچی ئەوان بە جەژنی ئاگرپەرستانی فارسی دەزانن.!

بەڕێز عەلی باپیروهاوبیرەکانی چونکە خەون بەزیندووبوونەوەی خەلافەتی گۆڕبەگۆری عوسمانییەوە دەبینن بۆیە دەیانەوێ کورد ببنەوە سوارەی حەمیدی وبکەونە گیانی ئەوانەی بە خواست وئارەزووی خۆیان بوونەتە کریستیان ودەیەوێ رێگەی ((نەسرانی)) بوونیان لێبگرێ ، واشی بۆچووە گوایا ئەوانە بۆ پارە و1000 دۆلاری مانگانە لە راستەڕێی ئیسلام هەڵگەراونەتەوە ،لەکاتێکدا خۆشی پارەو هاوکاری لە وڵاتانی کەنداوورژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرگرتووەوئێستاش لەلایەن ئەوانەوە هاوکاری دەکرێ،لەشەڕی نێوخۆشدا بە راجیمەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی کوردستانی دەکوشت.

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان هەرگیز ناتوانن بانگەشەی دیموکراسی بکەن ئەگەر سیستەمێکی نا ئایینی وسیکولارو عەلمانی ئاوا نەکەن، چونکە یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی دیموکراسی سکولاریزمەوناکرێت هیچ سیستەمێك دیموکراسی بێت وسکیولار نەبێت، بۆیە دەبێ بەکردەوە لێبوردەیی ئایینی لە کوردستاندا لەبەرچاو بگیرێ و نابێ رێگە بدرێت جارێکی دیکە مێژووی ئێمە بەناوی داکۆکی کردن لە ئایینەوە ناشیرین وتەڵخ بکرێت.

***میدیا ژ239 May9 2006 لاپەڕە9 عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی: دەبێ حکومەتی کوردستان رێبگرێ لەوەی خەڵك ببێتە نەسرانی.**